

# بەشێك لە ڕۆمانی
# سەردەمی هەڵەکان

محەممەد شوکری

لە فەڕەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا



## بەرایی

سیانەی (نانی ڕووت) و (سەردەمی هەڵەکان) و (سیماکان) بەیەکەوە بریتین لە یادەوەریی و سەرگوزشتەی حالیی ڕۆمانووسی مەغریبی محەمەد شوکری و هەر سێ بەرگ بەسەر یەکەوە تەواوکەری کۆی بیرەوەرییەکانی نووسەرن. شوکری لە سۆنگەی ڕۆمانی (نانی ڕووت) هوە بوو، کە ناوبانگێکی جیهانیی پەیدا کرد و ڕۆمانەکە بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانیش وەرگێردرا و خۆشەبەختانە تەنیا چاپی کوردیی ئەم ڕۆمانە سێ جار بلاوکراوەتەوە و وا ئێستاش، کە بەشی دووەمی ڕۆمانی (سەردەمی هەڵەکان) بۆ یەکەمجار لەسەر لاپەرەکانی گۆواری (باران) ی خۆشەویست بلاودەکەینەوە، هیواداریـن هێندە نەبات بەشی دووەمی ئەم سەرگوزشتەیە ڕوناکی چاپ ببینێت و بکەوێتە بەردیدەی خوێنەران.

## 1

## گوڵێکی بێ بۆن

لە پاسەکە دابەزیم. کوریژگەیەکی چکۆڵەی پیس و پۆخڵ، پێخاوس، لە دەوروبەری دە ساڵی لێم نزیك بۆوە و پێی وتم:

- هۆتێل، بەدوای هۆتێلێکدا دەگەڕێی؟

- بازاڕی لەکبیات، تۆ دەزانی لە کوێیە؟

- بە شوێنمدا وەرە !

سەیری دەکردم و لە جانتا کۆنەکەی دەڕوانیم. دەیەویست هەڵیبگرێ. پێنج سەنتیمی ئەسپانیایم دایێ سوپاسی کردم و ڕۆیشت.

بازاڕ جمەی دەهات لە خەڵك، لەوانە خواردەمەنی فرۆش، جل و بەرگفرۆشی کۆن و نوێ، کە لەناو دوکان یان لەسەر زەوی لە لایەن دوکاندار و فرۆشیارە دەستگێرەکان هەڵخرابوون. ڕۆژ بە ئەسپایی ئاوا دەبوو دەنگی ئێزگەی ڕادیۆکان، کە بەرنامە عەرەبییەکانیان پەخش دەکرد لە دوکانەکانەوە دەبیسترا. چەند ساتێك بەناو بازاڕەکەدا پیاسەم کرد بەر لەوەی لەبەردەم فرۆشیاری جل و بەرگ فرۆشێکی کۆنە بوەستم و پرسیارم لێکرد داخۆ قاوەخانەی سەی عەبدوڵلا-دەناسێ، بە بێ ئەوەی تەماشام بکات بەدەست ئیشارەی قاوەخانەکەی بۆ کردم و بەردەوام بوو هاواری نرخی جل و بەرگەکانی دەکرد کە لەسەر شان و دەستی هەڵیانی گرتبوو.

بەردەم قاوەخانەکەدا بەربەستێکی داریـن هەبوو کە خواردنەکانی: ماسی، بیبەری سوورکراو، هێلکەی کوڵاو و پارچەنانی ڕەش لەسەر دانرابوون و ڕەوە مێشێك بەسەر هەموویانەوە بوو. لەناوەوەی قاوەخانەکە مێزێکی گەورەی لاکێشە، چەند کەسێك یاری کاغەزیان دەکرد و هی دیکە لە دەوری مێزی چکۆڵەتر بوون و کەم تا زۆر هەر هەمووشیان تلیاکیان دەکێشا. کلۆڵی بەسیما و جل و بەرگیانەوە دەخوێنرایەوە. هەندێکیان تێبینی گەیشتنی منیان کرد. لە گۆشەیەکدا لەبەرانبەر مێزێکی چکۆڵەی پیس دانیشتم. داوای چایەکی بە پوونگینەم لە چایچییەکە کرد، کە وای بۆچووم هەر سەی عەبدوڵلا خۆی بێ. پیاوێك لە دەوروبەری چل ساڵیی لە نزیکمەوە دانیشتبوو تلیاکی دەفرۆشت. عەفیونەی قاوەخانەکەی سەی موح -ی لە تانجە وەبیرهێنامەوە: گورزەیەکم لێکڕی شەقفێکی لە مەتویەکەی بۆ پڕ کردم، لە کیفەکەی خۆی سەبسی بۆ پڕ کردم و دەمکێشا و ئەو بۆی پڕ دەکردەمەوە و منیش پێم دەدایەوە.

دەیکێشا یان دەیدایە کەسێکی دیکە نزیك لە خۆی .
سەی عەبدوڵڵا چای بۆ هێنام. هەواڵی مەولودی هاوڕێی حەسەن زیلاش-م لێ پرسی.

- ئەوە سێ ڕۆژە نەمیبینووە، ئەو پێی وتم.

وەخاتایەك شەو داهات، تلیاك، برسێتی و دەربەدەری باڵیان بەسەرمدا کێشا. ئەوان لە پەرداخەکەی من دەیانخواردەوە و منیش لە پەرداخەکەی ئەوان دەمخواردەوە. من باسی تەتوان، تانجە و وەهرانم بۆ دەکردن. ئەوانیش باسی عەرائیش یان بۆ دەکردم.

-دەڵێن تانجە ئەوکەسی ناپناسی دەیگرێینێ و ئەوکەسەش کە دەیناسێ بۆ دەگری.

-ئەوەی بکەوێتە داوای خۆشەویستی تانجە لە حەژمەتان دەمرێ.

-ئەم شارە لە بەرەڵلایی و بێ ئابڕوویی جوانی خۆی لە دەست داوە.

- ئەم شارە جوانە مێژووەکەی ئەوهێندە کەوناراپە.

من لەوێدا ماوە بێ ئەوەی هەوڵێك بدەم بۆ ئەوەی برسێتییەکەم کەمبکەمەوە، هەر جارێك کە ویستوومە شتێك داوا بکەم بۆ خواردن، بیر لەوێنەی ڕەوە مێشەکان دەکەمەوە کە لە کاتی هاتنە ژوورەوە بینیم و دڵەکزێ دەمگرێ. بەشێوەیەکی ئاسایی من بێزم لە هیچ خواردنێك نابێتەوە.

ماندووبووم لە دانیشتن، لە بینینی ئەو دەموچاوانە کە ئێستا هەموو زیندوێتی یان لە دەست داوە. وەنەوز دەیبردمەوە و بە ئاستەم چاوەکانم هەڵدەهێنا، هەموو شتێك لەبەرچاوم تاریکایی بوو. بەشی زۆری موشتەرییەکان قاوەخانەکەیان جێهێشت. پێم وابوو کە مێزەکان و کورسییەکانیش ون بوون. چاوێکم گێڕا بۆ لای دەرگاکانی سێ ژوورەکە. خەڵکانی بەشمەینەت دەهاتن و دەچوون ڕێك لەو دەرگایەی کە لەبەرانبەر منەوە بوو. ئەو تاقە تەختەم دەبینی، کە پێکەوە لەسەری دەنووستن- حەسیرێکی ڕەنگ کاڵ. حەزم دەکرد لە سەی عەبدوڵڵا بپرسم نرخی قەرەوێلەیەك لەناو یەکێك لەم ژوورە هاوبەشانە بە چەندە. نەخێر، باشترە ئەو پارە کەمە، کە هەمە دەستی پێوە بگرم کێ دەزانێ لەم شارەدا چی چاوەڕوانم دەکات.

دەستێك لەسەر شانی دام، بەڕاچڵەکینەوە خەبەرداری کردمەوە. من خەواڵوو بووم.

-دایدەخەین! خاوەن قاوەخانەکە وتی.

سێ پیاو هێشتا لەوێ بوون و لەسەر مێزێك دانیشتبوون تلیاکیان دەکێشا. وام پێ باش بوو جانتاکەم لای سەی عەبدوڵڵا جێبهێڵم. داوای لێکردم بیکەمەوە و ناواخنەکەی پشکنی: دوو وێنەی کەسیی گەورەکراو و لە چوارچێوەدراو، پانتۆڵێك، کراسێك و جووتێك گۆرەوی.

بەناو شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشتم. نە ئاسەواری پۆلیسێك، نە پاسەوانی گەڕەك و نە ئۆتۆمۆبیلێك وەك ئەوەی تانجە نە دەبینران. دەبێ نیوەی شەو ڕەتبووبێ. من سەرگەردان بووم. هەموو شتێك هێمن و ناسك بوو، مانگەشەو شەوەکەی ڕووناك کردبۆوە. لەبەردەم سەیرانگایەکی بەردەم کەناری دەریا وەستام. بیری شەوەکەی تانجەم دەکردەوە، کەمەندکێش تا مردن، ڕاوی شەوانە لە شوێنە نایابەکانی دەوروبەر: (مەنار)، (مالاباتە)، (ئەشکەوتەکانی هەرقل)، (سیدی قەنقووش)، (لامێرسیا) و (ئەرمەلقەلا). چوێنەکە چۆڵ و هۆڵ بوو و تەنیا بووم. پەلەهەورێك مانگی دەشاردەوە، دەیشاردەوە و بەدیاردەکەوتەوە. گولێکی سپیم لە باخچەیەکی کەناری سەیرانگەکە چنییەوە، بۆنم کرد بۆنی نەبوو و هەستم

بە هیچ نەکرد. گوڵانێکی جوانی بێ بۆن، ڕەنگە تەنیا بۆ ئەوە بووبێ بۆ ڕازاندنەوە و ژاکاندنەوەیان و دواتر لێگەڕێن بەرێکەوت بیانچنەوە و پانکردنەوەیان بەژێر پێوە بووبێ. ئەم شەوە هیچم لێ ون نەبوو وەك ئەم گوڵە، کە لەناو پەنجەکانم پلیشاندمەوە. لێرە و لەوێ، لە فینکایی نەسیمی دەریا دا نووستم.

ڕێگەی گەڕانەوەی لەکبیاتم گرتەوە بەر. لەژێر گوزەرێکی تاقداری گۆرەپانە گەورەکە لە کونجێکدا خۆم گرمۆڵە کرد، دەستەکانم بەدەوری قاچەکانم و سەریشم لەسەر ئەژنۆکانم بوو. لە بێدەنگی خەبەرداربوومەوە. گۆرەپانەکە دەنگی لێوە نەدەهات. هیچم وەبیرنایەتەوە. مێشکم بۆش بوو. هەموو شتێکم لەدەست چوو هەتا ئەو میلۆدییە هەرە جوانانەش، کە من زۆر حەزیان پێ دەکەم دێن و دەڕۆن وەك ئەوەی هیچ بیرەوەرییەکم لەگەڵیان نەبێ. مێشکم بەتاڵ بوو، شۆردرابۆوە. سەرئێشەیەکی سووك و گوێچکەکانم کاس بوون. وام هەست دەکرد گوێم لە ترپەی دڵم دەبێ. حەتمە زۆرم کیف کێشاوە و هەمیشە هیچ لەناو گەدەم دا نەبوو.

زۆر زوو بوو. میزلدانم پڕ بوو ئازاری دەدام. هینەکەم هەڵسابوو. جوولەی ژیان لەسەر گۆرەپانی ئەسپانیایی دەستپێکردەوە. بە پێستەیەك کولێرەیەکی چرووسم کڕی. لە ئاودەستخانەکانی قاوەخانەی ئەسپانیا میزم وەك نافوورە بەرز بۆوە و پانتۆڵەکەم و دەستم تەڕبوون. قاوەیەکی بە شیرم وەرگرت. لێرە زۆربەی زۆری موشتەرییەکان گەشتیار بوون. قاوەخانەی سەی عەبدوڵلا هیشتا نەکرابۆوە. پاسم گرت تا (گەرەکی نوێ) و بەدوای قوتابخانەی (ئەلموعتەمید ئیبن عەباد) دا گەڕام. گەرەکەکە داپۆشراو بوو بە هەنجیری کێوی، تۆزوخۆڵ و گوفەك. زەوی گەلێکی پان و پۆڕی چۆڵ. چەند کوخێکی لە چینکۆ یان چەند کەلاوەیەکی لە خشت دروستکراو، کە خەڵکانێکی گوندیی تێدا دەژیان، سەروسیمایان وەك جلەدراوەکانیان تاریك بوو. منداڵ و سەگەکان لە نزیك کوخەکان پیسایی و میزیان دەکرد.

ئەوەم بۆ پاسەوانی قوتابخانەکە ڕوون کردەوە، کە من دەمەوێ بەڕێوەبەر ببینم.

- بەڵام بۆچی دەتەوێ چاوت پێی بکەوێ؟

- نامەیەکم پێیە بۆی.

- بیدە بە من.

- دەبێ بیدەمە دەستی خۆی.

بە چاوێکی ناڕەحەتەوە سەیرێکی کردم و ڕۆیشت بەڕێوەبەر ئاگادار بکاتەوە. بلێی وا پێبچێ و بگەڕێتەوە لە خۆیەوە شتێك نەلێت؟ نەخێر گەڕایەوە و منی برد بۆ ژووری بەڕێوەبەر. نامە ڕاسپاردەکە، کە کاغەزەکانی لە گیرفانمدا هەموو چرچ و لۆچ بوو بوو، پێم دا.

بەڕێوەبەر داوای لێکردم دابنیشم و دەستیکرد بەوەی نامەکە بخوێنێتەوە. وەختایەك نامەکەی دەخوێندەوە پێدەکەنی. ئەمە مانای چییە؟ تۆ بڵێی حەسەن فێڵی لێکردبم و قەشمەری پێم کردبێ؟

بەڕێوەبەر نامەکەی خستە ناو فایلەکانی سەر بیرۆیەکەی.

- لە کوێوە هاتووی؟ لێی پرسیم.

- لە (ڕیف).

- باوك و دایکت لە کوێ دادەنیشن؟

- دایکم لە تەتوان و منیش لە تانجە ژیانی خۆم بەڕێوە دەبەم.

- ئەی باوکت؟

- مردووە ( باوکم ئەوکات بیست و سێ ساڵی مابوو لە ژیان، لە هاوینی 1979 مرد(.

- ئێوە لە تانجە چکارە بوون؟

ئەوە لێپرسینەوە وا دەستپێدەکات؟

- هەموو کارێکم دەکرد.

- چۆن هەموو کارێکت دەکرد؟

- هەرکارێکم بدۆزیبوایە دەمکرد.

- ئایا پێشتر چوویتە قوتابخانە؟

بە دیالێکتی چیایی (جەبەلی) قسەی دەکرد.

- هەرگیز.

هەستم کرد کە کەوتمە ناو داو. خوێن بە تاو بۆناو سەرم دەڕۆیی. حەسەن باسی ئەم تاقیکردنەوە-لێپرسینەوەیەی بۆ نەکردم . من وای بۆچووم ئەوەندە بەسە کە نامەکە بدەمە دەست بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی بچمە قوتابخانەکەی. نێوچەوانم ئارەقەی دەکرد. هەستم کرد چەند دڵۆپە ئارەقەیەکی سارد لەبن هەنگڵانم چکەیان دێ.

- ببوورە ناتوانم لێرە وەرتانبگرم و چاکتر وایە بگەڕێتەوە بۆ تانجەکەت لەوێ دەتوانی وەکوو پێشوو ژیانی خۆت دابین بکەیت.

- بەڵام من پێم باشترە بخوێنم. ئەوکارەی کە لە تانجە دەمکرد حەزی پێ ناکەم.

دەستەکانی خستە سەر مێزەکەی، لە نامەکە وردبۆوە و سەری بەلای مندا بەرزکردەوە.

- تەمەنت چەندە؟







- بیست ساڵ.

-دەزانی حەسەن لێرە لە عەرائیش بەر لە چەند ڕۆژێك چی کرد؟

- نەخێر.

- بەسەرخۆشیی لە مزگەوت لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێیەکانی بینیوویانە. هەردووکیان لەم قوتابخانەیە وەدەرنران.

لەبەرخۆم گوتم، کە من لەگەڵ کەس زینا ناکەم. دواتر تێگەیشتم کە حەسەن و هاوڕێ کەی هەردووکیان لە هۆڵێکی مزگەوت دەژیان کە ئەو قوتابیانەی تێدا دەژیان بێ نەوا و بێ دەرەتان بوون. کەوابوو حەسەن بە نۆرەی خۆی پیس گاڵتەی پێکردم. وەڵامی بەڕێوەبەرم دایەوە:

من وەك حەسەن نیم!

بەڕێوەبەر زەردەخەنەیەکی کرد. منیش ئەوەم زێدەکرد:

- من نازانم ئەمەی کردووە. ئەوە بێ ڕەهەوشتییە.

ڕاستییەکەی ئەوە بەلای منەوە گرینگ نەبوو چی کردووە. لە تانجە حەسەن بە منی گووت « من دەچمە تەتوان و پاشان دەگەڕێمەوە عەرائیش».

- ببورە، بەڕێوەبەر گوتی، دەبێ بچیتە ناو پۆلی بچووکەکان و ئێوەش ڕیشتان هەیە. ئەوانەی لە تەمەنی ئێوەن زۆربەیان هەموو قورئان، جارومیە و ئیبن عاشر یان لەبەرە.

« من ڕیشم هەیە، بە خۆمم گوت، نەك هەر لەسەر چەناگەم، بەڵکو لە خوار سکیشمەوە ڕیشم هەیە«. بەخێرایی دەستم بە چەناگەم دادەهێنا. دەمێکە ڕیشم نەتراشیووە.

پێغەمبەرەکان پێویستیان بەوە نییە کەسێك فێریان بکات، هەموویان لە ئاسمانەوە بۆ دێت. ئەوانی دیکە دەبێ خۆیان فێر بکەن وەکوو مەیموون لاسایی بکەنەوە.

-ببوورە، بۆ دواجار بەڕێوەبەر بە هێمنی داوای لێبووردنی کردەوە.

زەنگ لێی دا. پەنجەرەی ژووری بەڕێوەبەر دەیڕوانیە سەر حەوشەی قوتابخانەکە. دەبینم قوتابیەکان پەلەیانە بەرەو ئاودەست و بۆری ئاوخواردنەوە دەچن. پاڵ بەیەکەوە دەنێن و باز هەڵدەدەدەن. خەیاڵم دەکرد منیش لە ناویان بم. من ئەم شانسەم لە دەست چوو. پیاوێك هاتە ژوورەوە، کتێبگەلێکی لە بن هەنگەڵان بوو، لووتبەرز دیاربوو. بەڕێوەبەر داوای لێکرد تاقیکردنەوەیەکی ژمێرکاریم پێ بکات. لەگەڵی دا چوومە دەرەوەی ژووری بەڕێوەبەر تا ناو هۆڵێکی چۆل. پارچەیەك تەباشیری دامێ و ژمارەکانی پێنووسیم. وەك ئەوەی نەمدەزانی چۆن ئەو ژمارانە بنووسم کە

سفریان لەناوەڕاستدا بوو، بێگومان هەڵەم کرد کاتێك چەند ژمارەیەکی پێ نووسیم و پاشان هی دیکە لەژێر یەکیان بنووسم و داوای لێکردم کۆیان بکەمەوە، پاشان چەند ژمارەیەکی دیکەی لەهەمان شێوە لێ کەم بکەمەوە. من هەرگیز لێکدانەوەیەکی ئاوهام نەکردووە تەنها لە زەینی خۆم دا نەبێ، پاشان چەند سفرێکی پێنووسیم، سفر لە ناوەڕاست ئای کە سەختە.

هۆڵەکەمان بەجێ هێشت ئەم مامۆستایە متمانەی پێنەبەخشیم مەیموونەکان لەنێو خۆیاندا لە مرۆڤەکان میهرەبان ترن. هەستم کرد کۆششێکی زۆرم کردووە پێم باشتر بوو قورساییەکی پەنجا کیلۆیی هەڵبگرم و یەك کیلۆمەتر بیسوڕێنمەوە سووکترە لەو کۆششە زیهنییەی من دام.

کاتێك گەڕاینەوە ژوورەکەی بەڕێوەبەر بینیمان لەگەڵ پیاوێکی جلباب لەبەر قسە دەکات. ئەمەی دوایی پرسیاری ئەوەی لێکردم لە کوێ لە دایك بووم، هەواڵەکانی تانجە و لەوێ چیم کردووە لێی پرسیم. بە ئەسپانیایی قسەی لەگەڵ دەکردم و منیش بە ئەسپانیایی وەڵامیم دەدایەوە. سیمای ڕوون بوو.

- لە کوێ فێری ئەسپانیایی بووی؟

- لەگەڵ هاوسێ قەرەج و ئەندەلووسییەکانی تانجە و تەتوان.

وەکوو مامۆستایەکەی دیکە تووڕەو توونە نەبوو.لەوانەیە مامۆستای ئەسپانیایی بێت و بەڕێوەبەر داوای لێکردبێ بەم زمانە قسەم لەگەڵدا بکات. بەڕێوەبەر داوای لێکردم سبەینێ بێمەوە.

گەڕامەوە ناو شار، بە ڕێگەیەکی خۆڵاوی پێیەکانم نوقمی ناو خۆڵ بوون، لە هەردوو لای ڕێگەکە تەیمانێك هەنجیری دڕکاوی و چەند کوختێکی لێبوو کە لێیەوە منداڵانی پێخاوس دەردەچوون، نیمچە ڕووت و پیس و پۆخل لەگەڵ سەگگەلی لەڕ ولاوز، سەگگەلی دووڕەگەزیی ناشیرین و ڕەوە مریشك لەناو پیسایی دا چینەیان دەکرد.

لە کۆتایی ڕێگەکە بیرێکی ڕووت و وشك بووەوە. خۆم شۆڕکردەوە و لە قوڵاییە تاریك و نوتەکانی وردبوومەوە. بێدەنگییەکەی ئەو هێندە قووڵ بوو حەزم دەکرد خۆم تێهەڵدەمە ناوییەوە. وا دەبێ بێ تاقەت دەبم و بێدەنگی من بێ کۆتاییە. گاشەبەردێکی گەورەم هەڵگرتەوە و بە زەحمەت بەرزم کردەوە و فرێمدایە ناو قوڵایی بیرەکە. چاوەڕوانی دەنگدانەوەکەی بووم کاتێك تەقییەوە، بۆنێکی شێدار و پیس و بۆگەن لە کونی بیرەکەوە هاتە دەرەوە. دوورکەوتمەوە. سەدای بەرد بەردبوونەوەکە هێشتا لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە. خەیاڵم کرد لە قوڵایی بیرەکە بپلیشێمەوە. من بەرد نیم. تا تاقەتم چوو خۆم بەتاڵ کردەوە، بەردەوامبووم ڕێگەکەم دەبڕی، دەنگی بەرد بەربوونەوەکە ڕەدووی دەنام. لەگوێچکەمدا دەزرینگایەوە. زۆر بە سەختی توانیم خۆی لێ ڕزگار بکەم. لە درەختێك نزیك کەوتمەوە، خۆم لەژێر سێبەرێکی پان و بەرین ئاسوودە لەژێر لقەکانی ڕاکشام.

ئەو کوڕە گەنجەم وەبیر هاتەوە کە لە بەرزایی گاشەبەردەکان لە دەربەندی تانجە خۆی فرێدایە خوارەوە.

دایکەکەی لە ئاوایی دووری (فەحص) هوە هاتبوو بۆ سەر گۆڕەکەی، تراژیدیاکەی بۆ زێوانی گۆڕستانەکە دەگێڕایەوە.

-من ئاگام لەو کردەوەیە نییە، زێوانەکە ئاوا وەڵامی دایەوە. ئێمە ئەو ڕۆژانە زۆر مردوومان لە گۆڕ ناون بڕۆ بو لای بەرپرسانی سێرڤیسی مردووانی بێ ناونیشان و گۆڕغەریب، ئەگەر ناسیانەوە



ژمارەی گۆڕەکەیت بۆ دیاری دەکەن.

-چ دەورانێکە! لە کورەکەم عەبدولواحید تەنیا ژمارەیەکم بۆماوەتەوە! ئەوەش بەمەرجێك ئەگەر بیناسنەوە!

لەناو بەدبەختیەکەیدا، سەری بێهوایی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و دەپاڕایەوە و دوای بەخشینی گوناهەکانی کورەکەی لە خوداوەند کرد. دایکەکە گریا تا بووڕایەوە. پاشان کە هۆشی هاتەوە بەر وازی هێنا و دووبارە گەڕایەوە ئاواییەکەیان. بیری دایکمم کردەوە، ئەویش داماوبوو، کە بەردەوام نوێژی بۆ دەکردم و لە خوداوەند دەپاڕایەوە لە خراپە بمپارێزێ.

## 2

## کاتێك خاوەندشکۆکان ڕادەکەن، کۆیلەکان دەمرن

کرێکاران و ئاوارەکان لە گۆڕەپانی ئەسپانیا کۆببوونەوە. هات و هاواریی تووڕەییان شوێنەکەی هێنابووە جۆش و خرۆش:

- با بمرێ پاشا!

- با بمرێ خۆفرۆشەکان!

ئاپۆرای خەڵکەکە بە هاوارکردنەوە بەرەو ماڵی پاشا تەکانیان دەدا.

- سات بات! ئەلپاشا تەحت ئەلسبات!

پاشا چووەتە هەفتەبازاڕی (ریسانا) بۆ ئەوەی وتارێك بۆ جوتیارەکان بدات. ئاخاوتنەکەیان بەدڵ نەبووە و جنێویان پێ داوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەردەبارانیان کردووە و

تێلایـان لـێ بەرزکـردەوە. پاسـەوانەکانی پاشـا تەقەیـان لـە خەڵکەکـە کـرد.

- پاشا ناچار بووە بە زمانی داگیرکەران قسەیان لەگەڵدا بکات .

-سـەیری ئـەم هەمـوو خەڵکـە بکـە... ئـەوە هـەر شـارەمێروولەیەکی راسـتەقینەیە بـۆ خـۆی!

پیـاوان، ژنـان، منـداڵان لەنـاو هاتوهەرایەکـەوە دەچنـە پێشـەوە، پیاوانـی «پۆلیسـی نیزامـی» دەوریـان تەنیـوون. ئەوانـە خۆپیشـاندانەکەیان رێکدەخسـت و دروشـمەیلی دژ بـە پاشـایان دەوتـەوە. بازووبەندیـان بـە رەنگـی ئـاڵای مەغریبییـەوە بەسـەر شـانیانەوە بـوو، کـە دووپاتـەی دەسـەڵاتی ئەوانـی دەکـردەوە .

-پۆلیسەکان هیچ نابینرێن؟

-ئـەوان دەخاڵـەت ناکـەن. ئـەوان فەرمانیان بـۆ هاتـووە خۆیان لەم پرسە هەڵنەقورتێـنـن. هەمـوو خەڵـك دەزانـێ کـە پاشـا دژی سـەربەخۆییە.

منداڵـەکان ئەوانەیـان دووپـات دەکـردەوە کـە گـەورەکان هاواریـان دەکـرد. ئـەوان بـە هاوارکردنـەوە دوژمنـی نەبینراویـان بـەر خەنجـەر دەدا و فێـری ئـەوە ببـوون بـە هەمـوو چەکەکانیـان بیانکـوژن. بەردیـان هەڵدەگرتـەوە و وەکـو گـەورەکان فرێیـان دەدا بـۆ ئاسـمان.

بـوم! بـوم! لەنـاو دەسـتیان پارچـە چیمەنتـۆ دەبـوو بـە چەقـۆ، دەمانچـە، مەتـرەق، تفەنـگ و رەشـاش. منداڵـەکان زیاتـر دوژمنکارانەتـر بـوون وەك لـە گەورەکانیـان. ئاپـۆرەی خەڵکەکـە لەبـەردەم ماڵـی پاشـادا وەسـتا.

-خۆتان بەدەستەوە بدەن!

تەقەیـەك لـە پەنجەرەیەکـەوە دەردەچـێ. ئاپۆرەکـە دەگەرێتـە دواوە.

پیاوێـك هـاوار دەکات:

-نەترسن! ئەوان هەوڵ دەدەن بمانترسێنن!

یەکێـك لـە پیـاوەکان «پۆلیسـی نیزامـی» دەمانچەکـەی دەرهێنـا. بـە شـوێنییەوە یەکێـك لـە هاورێیەکانـی بـە دەمانچەیەکـەوە خـۆی دەگەیەنێتـە نـاو ماڵێـك لەبەرانبـەر ماڵەکـەی پاشـا. ئالوگـۆری تەقـە لـەو ماڵێکـەوە بـۆ ماڵێکـی دیکـە . خەڵکـە پـەرت دەبـن و را دەکـەن. دەگەرێنـەوە. یـەك کەتیبـەی ئەفسـەری ئەسـپانیایی بـە سـەرۆکایەتیی کاپیتانێـك لـە نزیـك ماڵەکـە رێـز دەبـن.

-ئـەوان دەترسێن، ناتوانـن تەقـە بکـەن بـۆ سـەر ئێمـە! ئـەوە هەولێکـە بـۆ ترساندنمان! هەموویـان و ماڵەکـەش دەسووتێنین!

هەندێـك کـەس هەرایـان کـرد و بـە تەنەکـەی بەنزیـن و ئاگریـان بەردایـە گەراجەکـە. دەنگـی تەقـەکان وەسـتا. لەنـاکاو دەرگاکـە کرایـەوە و نۆکەرەکـەی پاشـا بەدیارکـەوت. رەش، کەتەیـەك بـوو و رەشاشـەکەی خسـتبووە سـەری.

-رابح! ئەوە رابح! ئا ئەوەتا رابح!

کاپیتـان هەوڵـی دا نۆکەرەکـە بپارێـزێ، بـەڵام خەڵـك و ئاپۆرایەکـە توورەبـوون و هەڵیـان کوتایـە سـەری. رابـح چەکەکـەی فـرێ دا، خوێـن لـە دەم و چـاوی دەهـات. پێـش ئـەوەی هیـچ هاوارێکـی لـێ هەڵبسـێ، ئاپۆرەکـە پەلاماریـان دا و جلوبەرگیـان دڕانـد. گۆشـتی ژێـر نینۆکیـان دەرهێنـا و لەژێـر گـورزی لێدانـە شـێتانەکانیان بـەلادا هـات و پاشـان لەژێـر تـاوی لێدانـەکان کـەوت. لەشـکرێك تێـی وەربـوون بـۆ ئـەوەی لەتوپەتـی بکـەن. رایـان دەکێشـا بـۆ نـاو کۆڵانەکـە. ژنـەکان هەڵهەلەیـان لـێ دەدا و منداڵەکانیـش لـە خۆشـیاندا هاواریـان دەکـرد.

پیاوێـك لەنـاو ئاپۆراکـە کـە توورەیـی هەمووانـی تێـدا کۆببـۆوە، وا دیاربـوو ئاگـر لەچـاوی هەڵدەسـتا شووشـەیەکی لـە سـەری کۆیلەکـە

شکاند. قونبەلەی مۆلۆتۆڤ بوو. یەکێکی تر ئاگری لە گۆچانێك بەردا و خستیەسەر نۆکەرەکە. خۆشی دەربڕینێکی شێتانە بوو. ئاهەنگێرانێکی وەحشییانە بوو، خۆشنوودی و هات و هەواری تورەیی بەسەر قوربانییەك:

-بمرە، فەرخە بەراز!

-بمرە سەگی پیس!

-بمرە! بمرە!

ئەوکاتە بەتاو ڕاچڵەکی جەستەی بووبووە تۆپەڵە ئاگرێکی گەورە و مرد. بۆنی ڕۆنی مرۆیی قێزەون بوو و هەر تەنیا بارستێك خەڵووزی بۆگەن بوو. بە چەقۆ و قامچی لێیان دەدا. دەیانماشییەوە. ژنێك پەلاماری ئێسقی رانی دا بە برێك گۆشتەوە هەڵیپاچی و وەحشیانە گەزی لێ دەدا و پاشان پێچایەوە و شێتانە خستییە ناو پارچەیەك قوماش، کە لە جلوبەرگەکەی خۆی دایدڕی و خستییە بن باخەڵی و ون بوو.

چ لەم ئێسقانە دەکات؟

ئەفسوونی پێ لە مێردەکەی دەکات تا لێی نەدات یان عاشقی ژنێکی تر نەبێ یان تەلاقی نەدات، ئاوایان وت.

دوای چەند ساتێك هیچ شتێك لە تەرمەکە نەمایەوە جگە لە هەناو و بۆنی بەزێکی قێزەون. ڕاپەڕیوەکان کەلوپەلەکانیان لە ماڵەکەی پاشا دەرکرد و لە ناو شەقام هەڵیان دەپەسارد. تاڵان و سووتان. ئاگریان لە برێك لە کەلوپەل و کتێبەکان بەردا. تاڵان و سووتان. پیاوانی رژێم هاواریان بۆ جەماوەرە خرۆشاوەکە دەکرد:

-کتێبەکان مەسووتێنن. دەیانگۆزینەوە بۆ بارەگای حیزب .

چرە دووکەڵێك لەماڵەکە هەڵدەستا. هەڵهەڵەی ژنانی خۆنیشاندەر بەناو هاتو هاواری منداڵانی خۆپیشاندەر بڵاودەبۆوە. ئەسپانییایەکان بە هێمنی و لەسەرخۆ لە پەنجەرەی ماڵەکانیان و بانێژنەکانیانەوە سەیری ئەوەیان دەکرد کە ڕوودەدات. سەربازە ئەسپانیاییەکان لەسەر شۆستەکە، لە نزیك ڤیلاکە بوون نەجولان. خۆپیشاندەرەکان ڕایاندەکرد و بە کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو لای ماڵە بەکرێگیراوەکانی پاشا دەرۆیشتن. ئۆتۆمۆبێلێکی جێب و بەشوێنییەوە کامیۆنێك گەیشتن. دەستیان کرد بە گواستنەوەی کتێبەکان و کەلوپەلە گرانبەهان، ئەوانەی کە نەسووتا بوون یان نیوەسووتاو بوون. پیاوانی رژێم ڕێگەیان لەوانە گرت کە برێك کەلوپەلیان تالان کردبوو و لێیان سەندنەوە. هەبوو هەر لەوێ جلی خۆی دادەکەند و ئەوەی لەبەر دەکرد کە تاڵانی کردبوون. چوونە ناو ماڵی بەکرێگیراوێکی پاشا لە شەقامی بەرشەلۆنە. کەسیان تێدا نەدۆزییەوە. تاڵانیان کرد و سووتاندیان. دووبارە شێتگیر بوونەوە و بەرەو ماڵی تۆمەتبارێکی دیکە بە خیانەتی نیشتمانی چوون، کۆمەلێکی خرۆشاو لە بەر دەرگای کەبیبات بەدیارکەوتن. بە توندی پیرەمێردێکیان لەسەر زەوی رادەکێشا و هێندە چەقۆیان لێ دەدا هۆشی لەبەر خۆی نەمابوو . پیرەمێردەکە نیمچە ڕووت بوو. پیرەمێردەکە هەر هیچی نەمابوو و هەر تۆپە گۆشتێکی ڕەق و تەق مابۆوە. هەرچوار لەپیان بە گوریس بەستەوە و لە درەختێکیان شەتەك دا، لەبەردەم کەبیبات بەنزینیان پێداکرد و ئاگریان تێبەردا. هاوار و خۆشی و هەڵهەلە بەردەوام بوون. بونێکی بەهێزی سووتانی بەزیی مرۆیی لە گۆرەپانی ئەسپانیا بۆنی لێوە دەهات. چاوەکانی پیرەمێردەکە هەڵئاوساو و لەناو قەپێلکەکانی دەسووران جەستەی ڕاچڵەکی. ژنێکی ئەسپانیایی چرۆسفرۆش لە

بەرانبەر درەختەکە بوو، هاواری کرد:

-ئای خوادیە! نەخێر! نەخێر!

لە هۆشی خۆی چوو و بەربۆوە، چاوەکانی داخست، گوتیان بە دڵ وەستان مرد.

شەو شەقامەکان چۆڵ بوون و جگە لە برێك ئاوارە کە دەگەڕان لە ڤیلا سووتاوەکانی پاشا و هاوکارەکانی کەلوپەل کۆبکەنەوە کەسی دیکەی لێنەبوو. لەبەردەم درەختەکە دوو ماشین وەستان: ئامبیولانسێك و ئەوی دیکەش ماشینێکی پۆلیس بوو. پیاوانی فریاکەوتن دەمامکیان دابوو و دەستکێشی لاستیکیان لەدەستکردبوو. پارچەی جەستە پەرتوبڵاوبووەکەی پیرەمێردەکەیان کۆدەکردە و دەیانکردە ناو کیسەیەك و پیاوانی پۆلیسیش پاسەوانی تەواوی گۆرەپانەکەیان دەکرد. هاراوەیەکی بەدووکەڵیان بەسەر درەختە سووتاوەکە و زەویەکەدا کرد. بەشێکی گۆرەپانەکە بە دووکەڵێکی بۆن ناخۆشی بەرگەنەگیراو و خنکێنەر پڕ بوو بوو، بەڵام بۆنی بەزی مرۆیی زۆر بەهێزتر بوو. خەڵکەکە ماوەیەکی زۆر هەر لەناو لووتیاندا مابۆوە.

**پەراوێز:**

**بڕوانە (نانی ڕووت)، پاریس، چاپی (کۆلیکسیۆنی (پوانت) )، 1981، هەروەها (چاپی کوردیی: ڕەنج (2007)، یانەی قەڵەم (2012)، ماڵی وەفایی (2016).**

**پایپێکە بە بارستی ئەنگوستیلەیەکی دورمان یان کاسەی شەراب لەسەر شێوەی ئانیشکێکی گەیاندن، لایەکی بە ئاگردانەوە دەبەستریتەوە و لای دیکە ی بۆ ڕێکخستنی پایپەکەیە. بەشێوەیەکی ئاسایی لە قوڕێکی قاوەیی سورباو و برێکجاریش لە ئەلەمنیۆم یان هەتا -لە حاڵەتی زۆر دەگمەنتر- لە زێری**



پاك دروست دەكرێت.

گیرفانێكی بچووكە بۆ تلیاك و چوارگۆشە یان لاكێشەییە، دوو یان سێ جار نووشتاوەتەوە، بەشێوەیەكی ئاسایی لە پێستی بزن دروست دەكرێت و دانتیلێكی چەرمی دەبەسترێ، هەرچی ئەوەیە، كە كاتێك لە میزڵدانی مەڕ یان گۆشتی وشككراوی بەرخ و پێچراوە و لەسەر شێوەی كیسە یان تورەگە دروست دەكرێ بەشێوەیەكی تەقلیدی پێی دەڵێن (نبولە).

پایپێكی درێژە دەخرێتە ناو شەقف و بەشێوەیەكی ئاسایی لە دار و برێكجاریش لە زیو دروست دەكرێت. من لە زێر دروستكراویشم بینیوە، بە تایبەت لای فەرمانڕەوایەكی دەوڵەمەند لە بازرگانی تلیاك و ئەمڕۆ مایەپووچ ماوەتەوە.

ئەمە دابێكی باوە لەناو تلیاكخۆرەكان لە چایخانە میللییەكان، لە پەرداخی چای یەكتر دەخۆنەوە وەك بەڵگەی برایەتی و ئاشتیی

كولێرەیەكی ئەسپانیاییە.

دیالێكتی جەبەلییەكان، بەشێوەیەكی ئەدەبی (چیاییەكان)، بریتین لە غومراكان لە ریفی رۆژئاوایی دەژین و بە ملیۆنێك كەس دەخمێندرێن. جەبەلییەكان دیالێكتێكی ئاوازداریان هەیە، كە برێك لە دیالێكتی عەرەبی رۆژهەلاتی ناوین دەچێ، ئەم دیالێكتە لە لایەن بەنی بەیفراح، كۆمیونیتەی تەعریبكراو، بەشێوەیەكی سەیر دابڕاو لە پاشماوەی جەبەلییەكان لەناوەڕاستی بەربەرەكانی ریفی رۆژهەلاتیی قسەی پێدەكەن.

كتێبێكی رێزمانیی كۆنە، كە بە شیعر نووسراوەتەوە.

بەزەیی پادشا)

پاشا هاریكاری لەگەڵ داگیركەر دا دەكات.

لە تانجە یەكسەر دوای سەربەخۆیی، خەڵكانێك لەخۆیانەوە ئەركی پاراستنیان لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو، جلوبەرگی یونیفۆرمی سەربازییان لەبەردەكرد. برێكیان تەنیا پانتەڵۆن، چاكەت یان كلاویان لەسەر دەنا. برێكیان جلی تەواوی سوپای زەوی، ئاسمانی و زەریایی یان لەبەر دەكرد لەگەڵ نیشانەی پلەی ئەفسەرانی رێز و بازووبەندی رەنگاوڕەنگی ئاڵای نیشتمانیان دەبەست. لەگەڵ پاپۆرە جەنگییەكانی ئامریكایی و هی دیكە شتگەلێكی ناوخۆیی مەغریبی یان دەگۆڕییەوە. دەسەڵاتی مەغریبی رێگەی لەمە نەدەگرت. لەو رۆژانە هەموو شتێك رێگە پێدراو بوو.

تەقەكان لە چەند پەنجەرەیەكی ڤیلاكەی پادشا دەردەچوون. دوای هێرشبردنەكە دەركەوت كە رابح ناسراو بە (نۆكەری پادشا) بە تەنیا بووە لەناو ماڵەكە و شوێنەكەی خۆی گۆڕیوە. هەروەها ئەوەش زانرا كە پادشا و هاوسەرەكەی لە رێگەی تەتوان و سیوتا لەژێر چاودێری ئەسپانیاییەكان رایانكردووە. ئەوانیش هەموو پەیوەندییەكی تەلەفۆنیان بڕیوە بۆ ئەوەی هەلاتنەكە ئاشكرا نەبێ.

حیزبی ئیستیقلال

لەمڕۆژانە هەر ئەوەندە بەس بوو یەكێك لە حۆپیشاندەرەكان كەسێكی بە خیانەت تۆمەتبار بكردبوایە، دەمودەست هەر بە زیندوویی دەیانسووتاند. پیرەمێرد (شەریف سۆماتی) سوتێندراو، سەركردەی پێشوو لە ئاوایی (خەمیس ئەلساحل) بوو. دواتر گوتیان كە یەكێك لە خۆپیشاندەرەكان برێك پارەی قەرزداربووە و نەیتوانیوە بیداتەوە، بۆیە ئەم تەڵەیەی بۆ ناوەتەوە تا لێی رزگار ببێ.